KURDISTAN NET
ڕۆژنامەیەکی ئەلەکترۆنی ڕۆژانەی کشتی سەربەخۆی کوردیە
www.kurdistannet.org
بەکاتی ناوەندی ئەوروپا 12:24 7-5-2007

# زیندەبەچاڵ کردنی ئەمڕۆ و سەرەتای مرۆڤایەتی... !! ناز مەحەمەد

زانکۆی سلێمانی

زۆر ئەستە مە بەراووردی دوو رۆژی پڕلە حیانەت بکەی! زۆرگرانە بەراووردی دوو جیهانی لەڕوالەت دا جیاواز ولەناوەڕۆکدا پڕلەکارەسات بکەی.. !

تاکەی کوردێك کە مرۆڤە و هەموو بنەمای مرۆڤایەتی پێ دراوەو هەموو ماف و ئەرکێکی ئینسانی بۆدانراوە هەر ئارەزووی خۆگێل کردنی هەیە لەڕاستیەکان.. ! لەڕاستی یەك، لەبێ گەردی یەك، لەپاکی یەك لەئاوێنە ڕوونتر تاکەی لەپێناو زەڕەیەك لە بەرژەوەندی دا کۆمەلێك لە شێوە مرۆڤ و لەبیرکردنەوە درندە ئامادەی هەموو لە گۆرنانی هەمووبەها مرۆڤیە تیەکان بن.. !.

زۆرمان گلەیی کرد ئێستاش لەوگلەییانە بەردەوامین کە سەردەمانێك ڕەگەزی مێ ئەو ڕەگەزەی دروستکەری ئەوڕەگەزەیەکە زۆربێ بکانە لەدیمەنێکدا کە هەموو بونەوەر بەبینینی ئەگەر خۆشحاڵیش نەبێ سەرسام دەبن لەهەموو بێ گەردییە لەو دیمەدا بەتەنیا لەپارچە قوماشێکی سپیدا و بەبارستای یەکی زۆرکەم و قەربارەیەکی گچکە گەورەترین و بە نرخترین خەندە دەخاتە سەرلێوی و هەست و تامی ئینسانیەت دەبزوێنێ، لەودیمەنەدا کە مەزنترین مانای بوون دەبەخشێتە دایەو بابەی... ! ئایا کام دایەو بابە!!!!؟ کام؟!!

دەستە ڕەشە بەخوێن سووربووەکان چاڵێك هەڵدەکەنن و ئەو فریشتیەی لێوی پڕلە خەندەوە تیادا ئەبێت و بەهەموو توانایان خۆڵی ئەکەن بەسەردا، ناش زانری بۆ.. !!؟ دڵنیاشم ئەگەر لەخۆشیان پڕسیاربکەی نازانن بۆ؟ زمانیان گوێناگری لەو سەرسامیە... !!

بەڵام مەخابن رۆژگار وەکو بڵێی میلی کاتژمێرەکەی گەڕاندبێتەوە زۆر زوو گۆڕایەوە و زەمەنی زیندەبەچاڵ کردنی دووبارە گەڕاندە وە وەك ئەوەی بینیمان.. !! بەڵام ئەم جارە فریشتیەك بۆ گڵ داناپۆشرێ و بەرگی سپی لەبەردانیە و پێ ناکەنێ فریشتیەك بەرگی بریتییە لەخوێن و دڵی پڕلەسۆز و بەبلۆك و بەرد دادەپۆشرێت. ئەو تراژدیدیایەبەشێوەیەکی جیاوازو بەهەمان مانەوە مەبەست سەری هەڵدایەوە.. !!

بەڵام با ئەنجام دەرانی ئەم کردەوە پڕ تیرۆرییە دڵنیابن لەسەر شۆڕی و بێ نرخی هیچیان بۆنەماوەتەوە، ئەگەر نیازیانە ڕەگەزی مێ لەسۆز و خوێشەویستی و هەستە مرۆییە سروشتیەکەی کە نیشانەیەکی ناسەرەوەیەتی دوور بخەنەوە هەمومان ئامادەبن شەهید بکرێین چونکە پێم وایە ڕەگەزی مێ زۆر لەو تۆقاندنە بەتواناترە...

(دوعا) سەلماندی عیشقێك لەناخی داهەیە هەرگیز کەسێ ناتوانێ نەك دەری بهێنێ دەستیشی بۆبەرێ، هەر دوعابوو بە هەموو ڕەگەزەکەمانی ووت مردنیش ناتوانێ نزیکی ئەو عیشقە بێتەوە بۆیە من لەمردن ئازاترم و بەرەو ژیان و ژین و عیشق دەڕۆم ئێوەش سەرشۆڕن مردن چاوەڕێتانە. !!

منیش دوای شەهیدبوون و بەروژیان ڕۆیشتنی قارەمانەی ناو کورد و جیهان و ڕەگەزەکەمان بەئەنجام دەرە دڕندانەکانی ئەم کارە دەڵێم ئێوە بەس شایستەی ئەوەن بەچاوێکی پڕسوکایەتی لێتانت بپرسێ ئێمە دڵنیان لەوەی ئێوە ئینسان نین بەڵام ئایا ئێوە خۆتان ئامادەن کەپێناسەی خۆتان بکە کەچین. ؟؟؟

هەموو جارێ ئەو کەسانەی خۆیان کردووە بە بەرپرسیکۆمەڵگە بەقسە پارێزەری مافی مرۆڤایەتی و جێبەجێکەری هەموو یاساکانن خەم ساردانە وەستان لەئاست ئەو ترژدیدیایە جەرگ برەدا... !1

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.

کوردستان نێت
KURDISTAN NET
ڕۆژنامەیەکی ئەلەکترۆنی ڕۆژانەی کشتی سەربەخۆی کوردیە
www.kurdistannet.org
بەکاتی ناوەندی ئەوروپا 12:24 7-5-2007

تاکەی لەو شوێنەی کەکەس پێتان نازانێ.. !! جوڵەناکەن و ناگەڕێین بزانن چی هەیە لەم دونیایە!! چاوەروانی چیدەکەن و تاکەی پیلەسەر پی و یاسای هەلیت وپەلیت باسدەکەن و مرۆڤیش هەتەك بکرێت ئیوەش قاقایی پێکەنینتان بێت لەسەرمێزە مەشرۆبیەکانتان. !!!

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.